کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 19:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بڕیارێکی سیاسی بۆ دامەزرانی زمانی یەکگرتووی کوردی ... خەسرۆ پیربال

نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ستانداری کوردی بە یەکێك لە گەورەترین گرفت و خاڵێکی لاوازمان دەژمێردرێت، چەندین سەدەیە، هەموو میللەتی کوردستان، بەدەست دەردی نەبوونی زمانی یەکگرتووەوە دەناڵێنێت، لە ئاستی کوردستان و لە نێوەندە فەرهەنگی و زانکۆکانی کوردستان، چەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانس و پلاتفۆرمی گەورە سازدراون وە بە درێژی لە پرسی زمانی کوردی یەکگرتوو کۆڵراوەتەوە، لی مخابن هەمووومان دەزانیین کە سەرجەم ئەم بۆچوون و لایانانە گەیشتوونەتە بنبەستێکی مەترسیدار.. کە هەندێك جار دووبەرەکی و ئینشیقاقێکی گەورە و قێزەوەنی لێکەوتۆتەوە.



ساڵانێکە، لە هەموو ئاستێکەوە، چەندین مامۆستاو پسپۆڕ خەریکی دانووساندن و کۆبونەوە و سازدانی کۆنفڕانس بووینە لەسەر کێشەی نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو، بەڵام لەجیاتی دۆزینەوەی چارەسەرێك، پتر و خراپتر، چەندین کارەساتی دابەشبون و کێشەی زمانەوانی نوێیان بۆ پەیداکردووین!

لە غیابی کار و بەرنامەی کۆڕی زانیاری کوردستان و سەرجەم ئەو لایانە پەیوەندار و پسپۆڕانەدا، کە مخابن نەیاتوانی بڕارێکی بەهێز و ڕاشکاوانە بدەن، تەواو بارودۆخی سیاسی و ئەزمونی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان و ئەو ئازادییە پیرۆزەی کە سەرتاسەری وڵاتی گرتۆتەوە ڕەچاوکردبایە و کاری خۆیان کردبا و بڕیارێکی دروستیان دا بایە لەسەر دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی کوردی.

بیروبۆچوونەکان بەگشتی دووجۆرن: (زمانێکی کوردی بە ئەلفوبیی لاتینی)، ئەلتەرناتیڤی دووهەم (زمانێکە بە ئەلفوبێی کوردی)، کە بەناهەق و کاڵفامیی پێی دەوترێت ئەلفوبێی عەرەبی.

زمانی کوردی بە بەکارهێنانی ئەلفوبیی کوردی (کوردی خواروو) زمانێکی ستاندارد و دروستە بەهەموو پێوەرێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە (پرسی زمان) و پێوەرە زانستیەکان و زمانەوانی، ساڵانێکە کاری لەسەرکراوە و خزمەتکراوە، وە ڕۆڵی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی (ستانداردی) هەیە و چەندین بڵاوکراوە و چاپەمەنی فەرهەنگی گەورەی پێ ئەنجامدراوە.

پرسی لێکۆڵینەوە و کارکردن بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی، تەنها کاری پسپۆڕانی زمان نیە، بەڵکوو لەبەر هەستیاری مەسەلەکە و لە غیابی بڕیاری پسپۆڕ و ناوەندەکانی تایبەت بە زمانی کوردی، پێویستە سەرۆکی کوردستان، بڕیارێکی سەرۆکایەتی دەربکات، بە دەستنیشانکردنی (لیژنەی زمانی یەکگرتووی کوردی) لە پەرلەمانی، بۆ گفتووگۆکردن لەسەر، بڕاردان لەسەر (زمانی یەکگرتووی کوردی بە ئەلفوبێی کوردی)، هەرچی زووە بڕیارێکی بەهێزی سیاسی لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندار بۆ میللەتی کوردستان، پێم وابێت سەرۆکی کوردستان، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت لەو پرۆسەیەدا.

پرسی زمانی کوردی، وەکوو هەموو مەسەلەکانی تری میللەتی کوردستان، پێش هەر شتێك سیاسیە، پرۆسەی سیاسی لە کوردستانی عیراق، لە پێشکەوتووترین حاڵەتیەتی بە بەراوورد لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان.. لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە دووهەقیقەت باش بزانین:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

6-6-2007 19:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

یەکەم / ئەو ئەلفوبێیەی لاتینی کە بەشێك لە پسپۆڕانی زمان پێیان وایە ئەلفوبێی لاتینیە لە باکوورو رۆژئاوای کوردستان و لە ئەورۆپا کاریان پێکردووە، ئەوە ئەلفووبێی تورکی مۆدێرنە (کەماڵ ئەتاتوورك) لە درووستکردنی دەوڵەتی تورکیا، بۆ زمانی تورکی دایڕشتوە، بە کەڵك ئێمە نەهاتووە و نایەت، وە بەکارهێنانیشی لەلای ئێمەوە، خزمەتکێکی گەورەی زمانی تورکیە و کەمتەرخەمیە دەرهەق بە زمانی شیرینی کوردی.

دووەم / پرۆسە و پێشکەوتنی مەسەلەی سیاسی و ئەزموونی کوردستانی عیراق، لە ئاستێکی گەورەدایە، نابێت ئێمە بڕیاری زمانی کوردی یەکگرتوو، بهێڵینەوە بۆ کوردەکانی باکووری وڵات تاوەکوو ئەوان پاش بیست ساڵی تر (پاش ئازدبوونیان) بڕیار لەسەر زمانی کوردی بدەن، ئێمەش پەیڕەوی بکەین... ئەمرۆکە سەرۆکی کوردستان پێویستە بڕیارێکی گەورەی مێژوویی بدات بۆ دامەزرانی زمانی یەکگرتووی کوردی بە ئەلفوبێی کوردی، بە یاسایەکی پەرلەمانی کوردستان کاری پێبکرێت، وە ئەمەش پەیامێك و بایەخێکی گەورەیان هەیە لەڕووی سیاسی و فەرهەنگیەوە.

زمانی یەکگرتووی کوردی بەلفوبێی کوردی دەبێت ببێتە زمانی فەرمی وڵات و هەموو ئەو کوردستانیانەش لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان و دەرەوە کاری پێبکەن، ئەوانەی تاوەکوو ئێستا کاریان بە ئەلفوبێی لاتینی کردوە، دەکری خۆیان فێری ئەلفوبێی کوردی بکەن و درێژە بە خەبات و خزمەتی فەرهەنگی کوردی بدەن.

ئەمرۆکە پرسی زمانی یەکگرتووی کوردی، پێویستی بە جەنابی سەرۆکی کوردستان هەیە، چوونکە دروستکردنی زمان، پرسێکی سیاسی و سەرۆکایەتی سیاسی وڵات و دەوڵەتە، وە هەمووشمان دەزانین کە جەنابیان چەندە خەمخۆر و پەیوەستە بەو مەسەلەیە، لەبەر ئەوەشە دڵنیام کە هەڵوێستی دەبێت.

خەسرۆ پیرباڵ
Pirbal@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.